
بسم الله الرحمن الرحيم



وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٦٤) ساڵی شەشەم ٢٠٠٧/٣/١ ی زایینی (١٠) ی ڕەشەمێ ٢٧٠٦ ی کوردی (١١) ی سەفەر ١٤٢٨ ی کۆچی

64

لەم ژمارەیەدا :

* یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٦ : یاسای کارپێکردنەوەی یاسا بنچینەکانی دادگایی کردنی سزایی ل١

* یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٦ : یاسای وەزارەتی ژینگە ل٣

* یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠٠٦ : یاسای وەزارەتی پیشەسازی ل٩

* یاسای ژمارە (١٢) ی ساڵی ٢٠٠٦ : یاسای وەزارەتی گواستنەوە ل١٣

* یاسای ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠٠٦ : یاسای وەزارەتی بازرگانی ل١٧

* بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران : قبوڵ کردنی دەست لەکار کشانەوە و بەئەندابوون لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان ل٢١

* بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران : دروژە پێدانی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ل٢٢

* بەیانی وەزارەتی کشتوکاڵ : کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی کۆگا و دامەزراندنی بەرپرسی پێشکەوتوو لە دیوانی وەزارەت ل٢٣

* بەیانی وەزارەتی کشتوکاڵ : کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان و دامەزراندنی بەرپرسی پێشکەوتوو لە دیوانی وەزارەت ل٢٤

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان

www.mojkurdistan.com

www.dad4kurdistan.com
e.mail: waqaea@yahoo.com

بسم الله الرحمن الرحيم

وقائع كوردستان

الجريـدة الرسـمية لحكـومة أقليم كوردسـتان العـراق – تصـدرها وزارة العـدل

العـدد (٦٤) السـنة السادسة ١/٣/ ٢٠٠٧م (١٠)رەشەمێ ٢٧٠٦ ك (١١)سفر ١٤٢٨ هـ

في هـذا العـدد :

* قانون رقم (٦) لسنة ٢٠٠٦ (قانون اعادة العمل بمواد الباب الثاني من قانون اصول محاكمات الجزائية) ص ٢٥

* قانون رقم (١٠) لسنة ٢٠٠٦ (قانون وزارة البيئة) ص٢٦

* قانون رقم (١١) لسنة ٢٠٠٦ (قانون وزارة الصناعة) ص ٣١

* قانون رقم (١٢) لسنة ٢٠٠٦: (قانون وزارة النقل) ص ٣٥

* قانون رقم (١٣) لسنة ٢٠٠٦: (قانون وزارة التجارة) ص ٣٩

* قرار مجلس الوطني: قبول استقالة و العضوية في المجلس الوطني لكوردستان – العراق ص ٤٣

* قرار مجلس الوطني: تمديد دورة الانعقاد للمجلس الوطني لكوردستان – العراق ص٤٤

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان

www.mojkurdistan.com

www.dad4kurdistan.com

e.mail: waqaea@yahoo.com

البـدالـة (٢٢٣٨٢٢ _ ٢٢٣٨٣٦ _ ٢٢٣٤٣٣)

بـدالـة (٢٢٤٥٥٠٦ _ ٢٢٤٥٥٠٧ _ ٢٢٤٥٥٠٨)

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلـەوە
سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێـراق

پشـت بەو یاسـایەی ئەنجـومەنی نیشـتمانیی کـوردسـتان– عیـراق داینـاوەو بـەپێی حـوکمی مـادە دە/یەکـەم لـە یاسـای ژمـارە(١)ی سـاڵی ٢٠٠٥، یاسـای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردسـتان– عیراق، ئەم یاسایەمان دەرچواند:

یاسای ژمـارە(٦) ی سـاڵی ٢٠٠٦
یاسای کارپێکـردنەوە بە ماددەکانی دەروازەی دووەم لە یاسای بنچینەکانی دادگایی کـردنی سـزایی

ماددەی یەکەم:
ماددەی یازدەمی یاسـایی ژمـارە (٢٢)ی سـاڵی ٢٠٠٣ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتان ـ عـیراق پووچـەڵ دەکرێتـەوە سـەبارەت بـە راگـرتنی کـارپێکردن بـە ماددەکانی (٢٨٥ هەتا ٢٩٣)ی دەروازەی دووەمی یاسای بنچینەکانی دادگـاییکردنی سـزایی ژمـارە (٢٣)ی سـاڵی ١٩٧١ لـە هـەرێمی کوردسـتان و کـار بـە حوکمـەکانی دەکرێتەوە.

ماددەی دووەم:
زاراوەی (سـەرۆکی هەرێم) شـوێنـی زاراوەی (سـەرۆکـی کـۆمار) و زاراوەی (فەرمانی هەرێمی) شوێنی (فەرمانی کۆماری) دەگرنەوە لـە هەر شوێنێك لـە دەروازەی دووەمـی یاسـای نـاوبراو هـاتبن، بـۆ ئـەوەی حوکمەکانی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

مادەی سێیەم:

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە پێچەوانە بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی چوارەم:

ئـەم یاســـایە لـــە رۆژی دەرچـوونیەوە کـاری پێـدەکرێت ولـە رۆژنامـەی فـەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

مەسـعود بـارزانی
سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان - عێـراق

لە رۆژی (١٤ /٩/٢٠٠٦)ی زایینی لە هەولێر دەرچووە
بەرامبەر ٢٣ /گەلاوێژ/٢٧٠٦ ی کوردی

هـۆی دانـانی

لەبەر نەمانی ئەو هۆیانەی لە کاتی خۆی پێویستیان کرد کە جێبـەجێکردنی سـزای لـەناوبردن (اعدام) لە هەرێمی کوردستان رابگیرێت بەپێی مادە (١١)ی یاسای ژمـارە ٢٢/ی سـاڵی ٢٠٠٣ کـە لەپەرلـەمانی کوردسـتان دەرچـووەبەپێ ی یاسـای ژمـارە(١) ی سـاڵی ٢٠٠٥ ی هـەموار کـراو و دەسەلآت بە سەرۆکی هەرێم دەدات حوکمی (اعدام) پەسند بکات یان کەمی بکاتەوە و بۆ ئەوەی ئەو بڕیار و حوکمە دادوەریانەی کە لە دادگاکان دەرچوونە و پلەی کۆتاییان بەدەست هێناوە بـە هۆی پەسند کردنیان لەلایەن دادگای پێداچوونەوە (تمییز) بۆیە، ئەم یاسایە داندرا.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلـەوە
سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عیراق

پـشـت بـەو یاســـایـــەی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتان– عـیراق دایناوەو بـەپێی حوکمی مادە دە/یەکەم لە یاسای ژمارە(١)ی سـاڵی ٢٠٠٥، یاسـای سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردســـــــتان– عێراق، ئەم یاسایەمان دەرچـوانـد:

یاسای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی / ٢٠٠٦
یاسای وەزارەتی ژینگـەی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

ماددەی یەکەم :

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەستەکانی ئەم یاسایە :

یەکەم: هەرێم : هەرێمی کوردستان– عیراق .

دووەم: وەزارەت : وەزارەتی ژینگە.

سێیەم: وەزیر : وەزیری ژینگە.

چوارەم: بریکاری وەزارەت : بریکاری وەزارەتی ژینگە.

پێنجەم: ئەنجومەن : ئەنجومەنی پاراستن وچاکردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان دا.

شەشـەم: ئەنجومەنی پارێزگا : ئەنجومەنی پاراستن وچاکردنی ژینگە لە پارێزگادا .

ماددەی دووەم :

وەزارەت ئەم ئەرك وفرمانانەی خوارەوە پیادە:

یەکەم: پێشنیازکردنی سیاسەتی گشتی بۆ پاراستنی ژینگە لـە پیـسبوون و کـاری چاکتر کردنی چۆنایەتیی ژینگە وخستنەرووی بۆ بەردەم ئەنجومەنی وەزیـران بـۆ پەسند کردن

.دووەم: دەرهێنانی رێنمایی تایبەت بە دەستنیشانکردن و بەندو بەستی(ضـوابط) پیسکەرەکانی ژینگەو، چاودێریکردنی سەلامەتی بەجێهێنانیان.

سێیەم: پلاندانانی ساڵانە و مامناوەندو دوورخایـەن بـۆ پاراسـتن و چـاکتر کردنـی ژینگە .

چـوارەم: هاوکـاری و هەماهـەنگی لـە نێـوان وەزارەتـەکان و ئـەو لایەنانەشـدا کـە پەیوەستی پاراستنی ژینگەن.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

پێنجەم: پابەندبوونی هەرێمی بەو رێکەوتنامەو پەیماننامەو پرۆتۆکۆلانەی لە لایەن حکومەتی فیدرالیەوە پەسەندکراوە.

شەشەم: بە دواواچوونی سەلامەتی ژینگە لەمیانەی ئەنجامدانی پشکنینی پەیوەست بە پیسکەرەکانی ژینگەو ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان هەیە لەسەر سەلامەتی ژینگە بە هەمەهانگی لەگەڵ وەزارەت ولایەنە پەیوەندیدارەکان و دەرکردنی رێنمایی تایبەت بە دیارکەرو بەندوبەست(چوابگ)ی پیسکەرەکانی ژینگەو چاودێری کردنی سەلامەتی جێبەجێکردنی.

حەوتەم: ئەنجامدانی رووپێویە ژینگەییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

هەشتەم: لابردن و چارەسەر کردنی ئاسەواری چەکی کیمیایی ،بەهاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بۆ پاککردنەوەی کێلگەکانی مین و پاشماوەی چەك و جبەخانەو ئەوماددانەی کە بوونەتە هۆی پیس بوونی ژینگە .

نۆیەم: هاندانی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەو توێژینەوە و لێکۆلینەوەی تایبەت بە پاراستن و چاککردنی ژینگە .

دەیەم:هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ دەزگاکانی وەزارەتی فێرکردنی بالاوتوێژینەوەی زانستی و وەزارەتەکانی دیکەدا ، بەمەبەستی هاوکاری و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ژینگەییەکان ، دامەزراندنی ناوەندی توێژینەوەی ژینگەیی لە وەزارەتەکەدا بەتایبەتیش لێکۆڵینەوەی تایبەت بەبەکار هێنانی چەکە کیمیاویەکان لە کوردستان.

یازدەم: کار بۆ بڵاوکردنەوەی وشیاری و ڕۆشنبیری ژینگەیی و وەگەرخستنی ڕۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی لەم بوارەدا ، وێرای بونیادنانی توانستەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی بەرپاکردنی کۆڕو خولی راهێنانی تایبەت بە پاراستنی ژینگەو هاندانیان.

دوازدەم: لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی ڕاپۆرتەکان بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی ، کە لایەنە بەرپرسەکان پێشکەشیان دەکەن لەمەر ئەو پرۆژانەی کە دادەمەزرێن و ئەوانەی ئێستا دامەزراون بۆ پەسەند کردنیان یان ڕەتکردنەوەیان لە ماوەیەکی گونجاودا – لەو ڕۆژەوە کە پێشکەش بە وەزارەت دەکرێن بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.moikurdistan.com

سیازدەم: کار کردن بۆ پاراستنی سروشت وجوانیەکانی و دروست کردنی پاوانگەی سروشتی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە .

چواردەم: گرتنە بەری شێوازی پێویست بۆپاراستنی مرۆڤ و ژینگە لە مەترسیەکانی تیشکاوەری زیان بەخش و ئالودەگی ژینگەیی .

پازدەم: پشت بەستن بە نووسینگەو تاقیگەو لایەنە راوێژکاریەکان بۆ ئامادە کردنی راپۆرتەکانی خەملاندنی کاریگەری ژینگەیی و ئەنجامدانی لێکۆلینەوەو شیکاری و پێوانەکان لە بوارەکانی پاراستنی ژینگە بەپێ ی ئەو مەرجانەی وەزارەت دیاریان دەکات وئەمەش بە ڕێنمایی دەردەچێت.

شازدەم:دانانی بنەماکانی سەلامەتی بۆ چارەسەرکردنی پاشماوە و زبڵ و خاشاك و ماددەی زیانبەخش و ترسناك.

ماددەی سێ یەم:

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی باڵاو ، بەرپرسی ئیش وکارو ئاڕاستەکردنی سیاسەت وسەرپەرشتیکردن و چاودێری کردنی وەزارەتەکەیەو، هەموو بڕیارو فەرمان ورێنماییگەلێکیش پێوەندییان بە ئەرکوفرمان و پێکهاتەو سەلاحییات و کاروباری دیکەی هونەری ودارایی وئیداری ورێکخستنی وەزارەتەکەوە هەیە، بەپێی حوکمەکانی یاسا، لەوەزیرەوە دەردەچێ وسەرپەرشتی جێ بەجێ کردنی ئیش دەکات و وەزیر لەبەردەمی ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرسە، چونکە خۆیشی ئەندامێکی هاوکاری ئەنجومەنەکەیە و بۆی هەیە هەندێك لە دەسەلاتەکانی بسپێرێت بە بریکاری وەزارەت وبەڕێوەبەرە گشتی یەکان و یان ئەو کەسانەی کە بە شیاویان دەزانێت .

دووەم: بریکاری وەزارەت: لە چوار چێوەی ئەو دەستروێیانەی کە پێی دەسپێردرێ لەلایەن وەزیرەوە وە مەرجەخاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆ بێت یاریدەی وەزیر دەدات ، لە ئاراستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروباریدا.

سێیەم: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات وبەڕێوەی دەبات بەپلەی بەڕێوەبەر،خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی بێ و ژمارەیەك فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

www.mojkurdistan.com

چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات بەڕێوەی دەبا بەپلەی بەڕێوەبەر، خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی بێ و ، ژمارەیەك فرمانبەریش هاوکاری دەکەن .

پێنجەم: راوێژکارەکان: ژمارەیان لە چوار کەس زێتر نابێ و، مەرجیشە خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی وپسپۆر بێت.

شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئیداری ودارایی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا،خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی و پسپۆر و بێت.

حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پاراستنی ژینگەو،ووشیارکردنەوەو ڕاگەیاندنی ژینگەیی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا،خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی بێت ولە ڕاگەیاندندا شارەزابێ.

هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری هونەری وخۆ پاراستن لە تیشکاوەری: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا،خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی بێت وپسپۆرو شارەزاش بێت.

ماددەی چوارەم :

ئەنجومەنی پاراستن وچاکردنی ژینگە :

یەکەم: ئەنجومەن لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

١) وەزیر – سەرۆك .

٢) بریکاری وەزارەت – جێگری سەرۆك .

٣) بەڕێوەبەرە گشتی یەکان – ئەندام.

٤) نوێنەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بە هەریەك لەم وەزارەتانەی خوارەوە:

١) وەزارەتی شارەوانی.

٢) وەزارەتی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

٣) وەزارەتی پلاندانان .

٤) وەزارەتی دەرامەتەکانی ئاو .

٥) وەزارەتی ناوخۆ .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٦) وەزارەتی کشتوکاڵ .
٧) وەزارەتی تەندروستی .
٨) وەزارەتی پیشەسازی .
٩) وەزارەتی سامانی سروشتی .
١٠) وەزارەتی گەشتو گوزار .
١١) وەزارەتی کارەبا .
١٢) وەزارەتی بازرگانی.
١٣) وەزارەتی گواستنەوە.

٥) ئەندامێکیش لە خاوەن ئەزموون وپسپۆران لە پاراستنی ژینگە،وەزیر دایدەنێ وبۆی هەیە شارەزای تر بەشدار پێ بکات بەپێی پێویست.
٦) نوێنەری وەزارەتی پەیوەندیدارەکانی تر لەکاتی پێویست دا.

ماددەی پێنجەم :

یەکەم: لەهەر پارێزگایەك ، ئەنجومەنێك دادەمەزرێ ، پێی دەڵێن (ئەنجومەنی پاراستن وچاکردنی ژینگەی پارێزگا) . پارێزگار یان نوێنەرەکەی سەرۆکایەتی دەکا و پەیوەست دەبێت بە ئەنجومەن .

دووەم: ئەنجومەن هەڵدەسێت بە پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگا، لە لایەنە پەیوەندی دارەکان بە پاراستن و چاککردنی ژینگە، لە پارێزگادا و بەپێی رێنمایی کە ئەنجومەن دەری دەکا.

ماددەی شەشەم :

یەکەم: ئەرك و فرمان وئیش وتایبەتییەکان و پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕۆ دیار دەکرێت.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە، بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە بەپێی پێویستی وەزارەت بکاتەوە یان یەکیان بخات یان ئیلغایان بکات.

ماددەی حەفتەم:

وەزیر بۆی هەیە،رێنمایی پێویست،بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەر بکات.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

ماددەی هەشتەم :

هەر دەقێك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ ، كاری پێ ناكرێت.

ماددەی نۆیەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندی دارە كان ، حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

ماددەی دەیەم:

ئـەم یاسـایە لـە رۆژی دەرچـوونیەوەكاری پێـدەكرێت لـە رۆژنامـەی ڕەسمـی(وەقـایعی كوردستان) بڵاودەكرێتەوە.

مەسـعود بـارزانی
سـەرۆكی هەرێمی كوردسـتان - عێـراق

لە رۆژی (١٩ /١٠/٢٠٠٦)ی زایینی لە هەولێر دەرچووە
بەرامبەر ٢٧ /رەزبەر/٢٧٠٦ ی كوردی

- هۆكارەكانی دانانی ئەم یاسایە -

بـە ئامـانجی پاراسـتنی ژینگەو،چـاكڕاگرتنی تەندروسـتیی گـشتی ودەرامـەتی سروشـتی و جۆراوجـۆریی زیندەوەر،بـە جـۆرێ كـە فراژوكـاریی بـەردەوام زامـن بكاو،لـە بـواری ژینگەشـدا هاوكاریی نێودەوڵـەتی وئیقلیمی،بێنێتـەدی و،ئـەو بنەمایانـەش كـە زیـان بـە سـەلامەتیی ژینگـە دەگـەیێنن ریقابـە بكـرێن و، ئاسـەواری چـەكی كیمیـایی وپاشمـاوەی چـەك وتفـاق ومـاددە پیـسكەرەكانی ژینگە،چارەسـەربكرین وڕامالڕێن،بـەو ئامانجانە،بـەزەروور زانرا،وەزارەتێ،لـە هەرێمدا بەناوی وەزارەتی ژینگە دابنرێ،ئەو ئەركوفرمانە بگرێتە ئەستۆ.بەوجۆرە،بە پێویستیش زانرا،یاسـایەك دابنرێ،ئـەركوفرمان وئامانجـەكانی ئـەم وەزارەتـە نوێیـەو، ئـیش وكـاری بەڕێوەبەرایەتیەكانیشی دیاربكاو،ئەركوفرمانی هەرێەكەیان ڕێك بخا.جا، بەئاواتی دەسـەبەركردن ووەدیهێنانی ئەو ئامانجە...ئەم یاسایە دانرا.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامـەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلــەوە
سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

پشـت بـەو یاسـایەی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتان– عـیراق دایناوەو بـەپێی حـوکمی مـادە دە/یەکـەم لـە یاسـای ژمـارە(١)ی سـاڵی ٢٠٠٥، یاسـای سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان– عێراق، ئەم یاسایەمان دەرچـواند:

یاسـای ژمـارە(١١)ی سـاڵی / ٢٠٠٦
یاسای وەزارەتی پیشـەسـازی لـە هەرێمی کوردستان ـ عێـراق

ماددەی یەکەم:
مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، بۆ ئەم یاسایە، ماناکانی بەرامبەریانە:
یەکەم: هەرێم : هەرێمی کوردستان– عێراق .
دووەم: وەزارەت : وەزارەتی پیشەسازی.
سێیەم: وەزیر : وەزیری پیشەسازی.
چوارەم: بریکاری وەزارەت : بریکاری وەزارەتی پیشەسازی.
پێنجەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی وەزارەتەکە.

- ئامانجەکانی وەزارەت -

ماددەی دووەم:
ئەم وەزارەتە، ئاڕاستەکردنی بزاڤی پیشەسازی و، بەرەوچاکترگۆڕین و فراژوکردنی (تطویر وتنمیة) کەرتی پیشەسازیی گشتی و کەرتی تێکەڵ و کەرتی تایبەت لەهەرێمدا، لەبواری سەنعەتکاریی (تەحویلی و تەرکیبی و مەعریفی)و دەستکرددا، دەگرێتە ئەستۆو، بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجەی خوارەوەش دەکەوێتە کار:–
یەکەم: لەچوارچێوەی پلانگەلی فراژوکاریی(تنمیة) لە هەرێمدا، سیاسەتی (تەصنیع) پێشنیاز دەکاو، ئامانج و(موئەششەرات) بۆ کەرتەکانی تایبەت دادەنێ.
دووەم: پلانگەلی سالانەو، مامناوەندو، پلانگەلی ماوە دوور، بۆ کەرتەپیشەسازییەکان ئامادە دەکا.
سێیەم: لێکۆڵینەوە لەسەر کەڵکی (الجدوی) هونەری و ئابووری، بۆ پرۆژە پیشەسازییەکان ئامادەدەکاو، پێشنیازیش دەکا، ئەو لێکۆڵینەوانە لە پلانگەلی فراژوکاریی هەرێمدا تۆمار بکرێن.
چوارەم: پرۆژەگەلی پیشەسازی و خزمەتگوزاریی بڕیاردراو جێبەجێ دەکات.
پێنجەم: سەرپەرشتی بزاڤی کەرتەکانی پیشەسازی و ڕێنماییشیان دەکاو، ئەنجامگەلی بەجێهێنانی پلانـەکانیش، لـەڕووی چـەندێتی و چـۆنێتییەوە هەڵدەسـەنگێنێ و ڕێگاچـارەی لەباریـشیان بـۆ دەدۆزێتەوەو، ڕەنێوەاتەکانیشیان (منتوجاتها) دەپارێزێ.
شەشەم: دوای ئامادەکردنی دیراسەت لەسەر کەڵکی (جدوی) هونەری و ئابووریی پرۆژە، ئەوجا، ئیجازەی دامەزراندنی پرۆژەگەلی پیشەسازی، یان بەرفراوانکردن و گۆڕینی مەبەستەکانیان دەدا.

ئـــــەرشیفی دەزگای وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

حەوتەم: ریقابەی چۆنێتیی رەنێوهاتە پیشەسازییەکان(المنتجات الصناعية) بەجۆرێ دەکا، کە لەگەڵ مواسەفاتی بەرکاری جیهانیدا چونیەك زامن بێ، ئامۆژگاری و رێنماییش دەربارەی چاکترکردنی چۆنێتیی ئەم رەنێوهاتانە پێشکەش دەکات.

هەشتەم: لەچوارچێوەی پلانگەلی فراژوکاریی پیشەسازیدا، لەهەرێمدا، کۆمەڵگەی پیشەسازی دادەمەزرێنێ و خزمەتگوزاریی پێویستیان بۆ فەراهەم دەکات.

نۆیەم: دانانی پلانگەلی لێکۆڵینەوەو بەرەو چاکترگۆڕینی پیشەسازی بۆ کەرتە پیشەسازییەکان، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە سوود بە ئامانجەکانی پلانگەلی فراژوکاری ببەخشێ، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە جۆری رەنێوهات(المنتجات) و خزمەتگوزاریی پیشەسازی چاکتربن و، ئیش وکاری رەنێوهێنەکی(الإنتاجية) بەرەو باشتر بگۆڕدرێ و، ئەرکومەسرەفی کەمتر ببێ و، تەکنیکی تازەبابەتیان بچێتە ناو.

دەیەم: بەهاودەنگی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی هەرێمدا، ئیجرائاتی تایبەت بە پاراستنی ژینگەو لێکۆڵینەوەی کێشەکانی پیسبوونی ژینگە دەگرێتە بەرو، هەندەی پێوەندیشی بە بزاڤی وەزارەتەکەوە هەبێ، رێگاچارەیان بۆ دەدۆزێتەوە.

یازدەم: لەڕێگای خولی مەشق و، بەهاوکاریی زانکۆکان و پەیمانگە هونەرییەکان وناوەندو دەزگا پسپۆڕەکانی پێوەندیدار، لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا، هێزی کار لەناو وەزارەتەکەدا، فراژودەکا(تنمیه)و بەرەوچاکتری دەگۆڕێ.

دوازدەم: سیستەمی کاری ئیدارە پیشەسازییەکان، بە بزاڤی جۆربەجۆریشیانەوە بەرەوچاکتر دەگۆڕێ و، بەدووی جێبەجێکردنیاندا خەمخۆردەبێ.

سیازدەم: بنکەی زانیاری، بۆ مەعریفەی زانستی و تەکنۆلۆجی و مواصەفاتی هونەریی پێوەندیدار بە چالاکییە جۆربەجۆرەکانی وەزارەتەکەوە بەڕێوە دەبات.

چواردەم: بەدووی جێبەجێکردنی بەندو بەست(الضوابط)و رێنماییگەلی تایبەت بە سەلامەتیی سەنعەتگەری و پیشەگەریی ناو کارگەکاندا دەچێ.

پازدەم: هەناردەی رەنێوهاتی پیشەسازیی(المنتجات الصناعيه) نیشتمانی دنەدەدات.

شازدەم: لە پێشانگا پیشەسازییەکانی ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا بەشداری دەکا.

حەڤدەم: دوای رەزامەندیی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەت لەگەڵ شارەزایانی بیانی و کۆمپانیاو دەزگا پیشەسازی و پسپۆڕەکاندا، رێکەوتننامە دەبەستێ کە لە دایەرەو کارگەکانی وەزارەتەکەدا کار بکەن.

هەژدەم: دوای رەزامەندیی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەت لەگەڵ ناوەندەکانی(مراکز) لێکۆڵینەوەی زانستی و تەکنۆلۆجیە نێودەوڵەتی و، نووسینگە راوێژکارەکاندا دەکەوێتە هاوکاری بۆ بەرەوچاکترگۆڕینی ئیش و کاری وەزارەتەکە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

- پێکهاتەکانی وەزارەت -

ماددەی سـێیەم:

یەکەم: وەزیـــر: سەرۆکی باڵاو ، بەرپرسی ئیش وکارو ئاڕاستەکردنی سیاسەت وسەرپەرشتکردن و ریقابەکردنی وەزارەتەکەیەو، هەموو بڕیارو فەرمان ورێنماییگەلێکیش پێوەندییان بە ئەرکوفرمان و پێکهاتەو سەلاحییات و کاروباری دیکەی هونەری ودارایی وئیداری ورێکخستنی وەزارەتەکەوە هەیە،بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لەوەزیرەوە دەردەچن و بەسەرپەرشتیی خۆی جێبەجێ دەکرێن .وەزیر بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیرانیش بەرپرسە، چونکە خۆیشی ئەندامێکی هاوکاری وەزارەتەکەیەو، بۆیشی هەیە، هەندێ لە سەلاحییاتی خۆی، بە بریکاری وەزارەت، یان بە بەڕێوەبەرە گشتییەکان، یان بە هەرکەسێ لە وەزارەتەکەدا، کەخۆی بە لەباری بزانێ بسپێرێ.

دووەم:بریکاری وەزارەت: لە چوار چێوەی سەلاحییاتدا کە پێی دەسپێردرێ یاریدەی وەزیر دەدات، لە ئاراستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانیدا.

سێیەم: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ، ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ، ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

پێنجەم: راوێژکارەکان: لە چوارکەس زیاتر نابن، مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و، خاوەن ئەزموون و کەردەش بن.

شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئیداری ودارایی: فەرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت.

حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون: فرمانبەرێ سەرۆکایەتی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت.

هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پیشەسازی: فەرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و ، خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت.

ماددەی چـوارەم:

ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی وەزارەت: لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

١) وەزیر: سەرۆکە.
٢) بریکاری وەزارەت: جێگری سەرۆکە.
٣) ڕاوێژکارەکان: ئەندامن.
٤) بەڕێوەبەرە گشتییەکان: ئەندامن.
٥) هەر شارەزایەکی دی، کەوەزیر لەناو وەزارەتەکە یان لە دەرەوەیدا بەباشی بزانێ: ئەندامە.

ماددەی پێنجەم:

وەزیر، بۆی هەیە، بەپێی رێنمایی، دەرماڵە بەکارمەندان بەپێی سروشتی ئیشەکەی یان جێگای جوگرافیی ئیشەکەی یان بەپێی بەرپرسیارێتی وەزیفی یان بەپێی بە ئەزموونیی ئەو کارمەندە، ببەخشێ.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

ماددەی شەشەم:

یەکەم: ئەرکوفرمان وئیشەتایبەتەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕۆ دیار دەکرێن .

دووەم: وەزیر بۆی هەیە ،ڕێنمایی پێویست،بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەر بکات.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە، هەر بەڕێوەبەرایەتیەک یان بەشێک یان هۆبەیەک لەناو پێکهاتەکانی وەزارەتدا، بەپێی پێداویستی ئیشەکانیان، بکاتەوە یان یەکیانبخات، یان ئیلغایان بکات.

ماددەی حەوتەم:

هەر دەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ ، کاری پێ ناکرێ.

ماددەی هەشتەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و، لایەنە پێوەندیدارە کانیش ، حوکمەکانی ئەم یاسایەجێ بەجێ بکەن.

ماددەی نۆیەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتەکار و لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

مەسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق

لە ڕۆژی (٦ /١١/٢٠٠٦)ی زایینی لە هەولێر دەرچووە
بەرامبەر ١٥ /گەلاڕێزان /٢٧٠٦ ی کوردی

- هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە -

لەبەر ئەوەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، وەزارەتی پیشەسازی تازە دانراوەو، دایەرەکانی کارەبایشی لێ دابڕکراوەو، بۆ ئەوەش کە کەرتە پیشەسازییەکانی هەرێم یەکبخرێن و سەرپەرشتیی بزاڤ و ئاڕاستەکردنیان بکرێ و موراقەبەکردنی جۆرو چۆنێتیی ڕەنێوهاتە پیشەسازییەکان (المنتجات الصناعية) مەیسەربێ ولەگەڵ مواسەفاتی بەرکاردا چونیەک زامن بێ و، چۆنێتییان چاکتر بکرێ و، ئیش وکاری وەزارەتەکەو بەڕێوەبەرایەتییەگشتییەکانیشی ڕێک بخرێن، لەبەر ئەوە، زەروورەت وەهای پێویست کرد کە یاسایەک بۆ دیارکردنی ئەرکوفرمان و ئامانجەکانی وەزارەتەکەو بەڕێوەبەرایەتییەکانی دابنرێ و ئەرکوفرمانی یەکە بەیەکەیان ڕێک بخات، جا، بۆ وەدیهێنانی ئەوانە ئەم یاسایە دانرا.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـوردستان
www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلــەوە
سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

پشـت بـەو یاسـایەی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتان– عـیراق داینـاوەو بـەپێی حـوکمی مــادە دە/یەکــەم لــە یاســای ژمــارە(١)ی ســاڵی ٢٠٠٥، یاســای ســەرۆکایەتی هــەرێمی کوردســـــــتان– عێراق، ئەم یاسایەمان دەرچـوانـد:

یاســای ژمــارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٦
یاسای وەزارەتی گواسـتنـەوەی هەرێمی کوردستان ـ عێـراق

ماددەی یەکەم :
مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ، ئەو واتایانەی بەرامبەریانە :
یەکەم: هەرێم : هەرێمی کوردستان– عێراق.
دووەم: ئەنجومەنی وەزیران : ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم .
سێیەم: وەزارەت : وەزارەتی گواستنەوە.
چوارەم: وەزیر : وەزیری گواستنەوە.
پێنجەم: بریکار : بریکاری وەزارەت.
شەشەم: دەستەڵاتەکانی وەزارەت : وەزارەت ، خۆی لە هەموو کاروباری گواستنەوە بەرپرسە لە هەرێمدا بە هەموو جۆرەکانیەوە ،.
حەوتەم: گواستنەوەی زەمینی :گواستنەوەی گەشتیاران و رێبواران و شتومەکە (بضاعة) بە هۆی ئۆتومبیل وشەمەندەفەران لەناوەوەی شاران و لە نێوان شارەکانی هەرێم و دەرەوە ، هەروەها لە دەرەوەی عێراقیشدا.
هەشتەم: گواستنەوەی ئاسمانی : گواستنەوەی گەشتیاران و شتومەکە لە نێوان فڕۆکەخانەکانی هەرێم و عێراق و دەرەوەیدا .
نۆیەم: گەراج : ناوچەیەکی دیار کراوە لە زەوی و بینایەو سەر گیراوی لەسەر دروست کراوە بۆ ئاسانکاری کارەکانی و گواستنەوەی گەشتیاران لەناوەوەو نێوانی شارەکان و دەرەوەیدا .
دەیەم: فڕۆکەخانەی نێو دەوڵەتی : فڕۆکەخانەیەکە ، حکومەت لە هەرێمدا دیار دەکا بۆ جموجۆڵی ئاسمانی بەرەو ناوەوەو دەرەوەیدا . رێکارەکانی پەیوەست بە گومرگ و کۆچبەری و ، تەندروستی و ، حیجری تەندروستی بۆ ئاژەڵان و ، رووەکان دەگرێتە بەر و لەگەڵ رێکاری دیکەی هاوشێوەیان .
یازدەم: فڕۆکەخانە : گۆڕەپانێکی دیار کراوە لەسەر رووی زەوی یان لەسەر رووی ئاودا ، بینایەو دامەزراوو ئامێرو ئامرازی تێدایە . هەمووی یان بەشێکی بۆ گەیشتن و دەرچوون و جموجۆڵی فرۆکە تەرخان کراوە .
ماددەی دووەم :
ئامانجەکانی وەزارەت:
یەکەم: دامەزراندنی تۆڕەکانی هێڵی ئاسنی و ، بەستنەوەیان لەگەڵ شارەکانی عێراق و دەرەوەیدا . هەروەها دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانی لەخانوبەرە .

ئـــــــ

دووەم: ڕێکخستنی کەرتەکانی گواستنەوەی زەمینی و ئاسمانی .
سـێیەم: سەرپەرشـتیکردنی گەراجـەکانی گواسـتنەوەی شـتومەك و گەشـتیاران و بینـاکردن وبەکرێدانی گەراجەکان.
چوارەم: ڕێکخستن وکارگێریە ئاسمانیەکان و فڕۆکەخانە مەدەنیەکان .
پێنجەم: فەراهەمکردنی پێداویستیەکانی بـەڕێوەبردنی جموجـوڵی ئاسمـانی بـە جۆرێـك ، کـە سەلامەتی و خۆشڕەوشیەکەی بە شێوەیەکی خێراو ڕێك و پێك زامن بکات .
شەشـــەم: دامەزرانـــدن و سەرپەرشـــتیکردنی فرۆکەخانـــەکان بـــە پێـــی ئـــەو ڕێوشـــوێنە نێودەوڵەتیانەی کە لە ڕێکخراوی ICAO پشتی پێ بەستراوە .
حەوتەم: دانانی سیاسەتی گشتی بۆ گواستنەوەو ، سەرپەرشتیکردن لەسـەرجێبەجێکردنی و ، هاوکاری کردنیش لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکاندا .
هەشتەم:چاکردنی ئاستی بەجێ گەیاندنی گواستنەوە و دانـی مۆڵـەت جگـە لـە گواسـتنەوەی گەشت و گوزار ، بە پێی ئەوبەندو بەستانەی کە وەزارەت دەریان دەکات .
نۆیەم:بەپێی ڕەوش وڕەفتاری نێودەوڵەتی، دامەزراندن و فراوان کردن وسەرپەرشـتی کردنـی وێستگەکانی کەشناسی و چاودێری بومەلەرزە وئـامرازو ئـامێری پێویسـتی بـۆ دابـین دەکات.
دەیەم: هاوبەشی کردنی لایەنەکانی پەیوەندیدار لە پاراستنی ژینگەدا .
یـازدەم: هاندانی ململانێ و خەملاندنی توانای ململانکاریەکە لە ڕێگـەی کۆمپانیاکـان و کـەرتی تایبەتەوە بە جۆرێك کە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی بکات.
دوازدەم: دانانی هەموو ڕێنماییە زەروورەکان بۆ زامنکردن و وەگەڕخستنی فڕۆکەخانەکان ، بە پێ ی سیاقاتی کارپێکراوی نێودەوڵەتی .
سێزدەم: چاکردنی ئاستی بە جێ گەیاندنی گواسـتنەوەی ئاسمـانی و ، دۆزینـەوەی چـاکترین شێوازی گۆڕین .
چواردەم: ئیجازە بە کۆمپانیاکانی ئەو هێڵە ئاسمانیـە دەدات کـە بـۆ مەبەسـتی باشـتر کردنـی گواستنەوەی ئاسمانی لە هەرێمدا بکەونەکارو، هەروەها هەموو جـۆرە نوسـینگەکانی ووشکانی.
پـازدەم: ڕێـز لـە بـە جێهێنـانی گـشت پێکهاتـە نێودەوڵەتیـەکان دەگـرێ کـە پێوەنـدیان بـە گواستنەوەی ئاسمانی و گواستنەوەی سەرزەمینەوە هەیە .
شازدەم:سەرپەرشتی نوسینگەکانی گواستنەوە لە هـەموو خاڵـەکانی پەڕینـەوەی سـنورەکانی هەرێمداو وەرگرتنی کرێ و مزە (الرسوم) وبەکارهێنانی مەنەفێست بەپێ ی یاسـاکان وبەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

ماددەی سێیەم :

یەکـــەم : وەزیـــر : ســـەرۆکی باڵـــاو، بەرپرســـی ئـــیش وکـــارو ئاراســـتەکردنی سیاســـەت و، سەرپەرشتیکردن ورقابەکردنی وەزارتەکەیەو هەموویار وفرمان وڕێنماییەکانیش پێوەندیان بە ئەرك و فرمان وپێکهاتەو سەلاحییات و،کاروباری دیکەی هونەری و دارایی وئیداری و ڕێکخستنی وەزارەتەکەوە، هەیـە، بـەپێی حوکمـەکانی یاسـا،لە وەزیرەوە دەردەچێ.وەزیر بەرپرسـە لەبـەردەمی ئەنجومـەنی وەزیراندا،چـونکە خۆیشی ئەندامێکی هاوکارە لەوئەنجومەنەدا.

ئـــەرشیڤی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

دووەم : بریکاری وەزارەت : لە چوارچێوەی سەلاحییات،کەوەزیر پێی دەسپێرێ، یاریدەی وەزیر دەدات، لە ئاراستە کردن و، سەرپەرشتی کردنی کاروباری وەزارەتەکە.

سێیەم: ڕاوێژکارەکان : لـە چـوار کـەس زێـتر نـابێ، مەرجیشە بڕوانامـەی زانکۆییـان هـەبێ و خاوەن ئەزموون و کەردەش بن.

ماددەی چوارەم:

ئەنجومەنی ڕاوێژکاری :

ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت لەمانە پێك دێت :

یەکەم: وەزیر/ سەرۆك .

دووەم: بریکاری وەزارەت / جێگری سەرۆك .

سێیەم: سەرۆکی دامەزراوەی فرۆکەخانەی مەدەنی لەهەرێم / ئەندام .

چوارەم: بەڕێوبەرە گشتیەکانی وەزارەتەکە / ئەندام .

پێنجەم: بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی/ ئەندام

شەشەم: ڕاوێژپێکراوان و شارەزایانی بواری گواستنەوە لەناو وەزارەت و لەدەرەوەی لەوانـەی کە ئەنجومەن ئامادە بوونیان بەزەروور دەزانێ بەمەرجێ لە چوار ئەندام تێنەپەڕن و مافی دەنگدانیان نیە/ ئەندامن

ماددەی پێنجەم :

پێکهاتەکانی وەزارەت:

وەزارەت لەمانە پێك دێت:

١) نووسینگەی وەزیـر : فەرمانبـەرێ بەپلـەی بەڕێوەبـەر سـەرۆکایەتی دەکـا، بڕوانامـەی زانکۆی هەبێ، ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

٢) نووسینگەی بریکاری وەزارەت : فەرمانبـەرێ بەپلـەی بەڕێوەبـەر سـەرۆکایەتی دەکـا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ، ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

٣) بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی کاروبـاری ئیـداری ودارایـی:فەرمانبـەرێ سـەرۆکایەتی دەکـاو بەڕێوەی دەبا،بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، خاوەن ئەزموون وپسپۆڕیش بێت.

٤) بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری گواستنەوەی ووشکانی و هێڵەکانی ئاسن: فەرمانبەرێ سـەرۆکایەتی دەکـاو بـەڕێوەی دەبا،بڕوانامـەی زانکـۆی هـەبێ و، خـاوەن ئـەزموون وپسپۆڕیش بێت.

٥) بەڕیوەبەرایـەتی گـشتی پێـشبینی(الانـواء) کەشـو هـەواو بومەلـەرزە:فەرمانبـەرێ سـەرۆکایەتی دەکـاو بـەڕێوەی دەبا،بڕوانامـەی زانکـۆی هـەبێ و، خـاوەن ئـەزموون وپسپۆڕیش بێت.

٦) دەزگـای فرۆکـەوانی مـەدەنی لـە هـەرێمی کوردسـتان:فەرمانبـەرێ بەپلـەی تایبـەت سـەرۆکایەتی دەکـا و بـەڕێوەی دەبـا کـە بڕوانامـەی زانکـۆیی هـەبێ و راسـتەخۆ بەوەزیرەوە پەیوەست دەبێ و پێکهاتەو ئەرکەکانی بە یاسا ڕێك دەخرێ.

٧) بەڕیوەبەرایەتی فرۆکەخانـەی نێودەوڵـەتی هـەولێر: فەرمانبـەرێ بەپلـەی بەڕێوەبـەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا، کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ.

٨) بەڕیوەبەرایەتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی: فەرمانبـەرێ بەپلـەی بەڕێوەبـەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا، کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

ماددەی شەشەم :

ئەرکوفرمان و ئیشە تایبەتیەکانی و پێکهاتەی وەزارەتەکە بەپێڕۆ دیار دەکرێ.

ماددەی حەوتەم :

وەزیر، بۆی هەیە، بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە، لە پێکهاتەی وەزارەتەکەدا بەپێی پێداویستی ئیشەکانیان، بکاتەوە، یان یەکیانبخات یان پوچەڵیان بکاتەوە.

ماددەی هەشتەم :

وەزیر بۆی هەیە، ڕێکەوتنامەوە گرێ بەست لەگەڵ کۆمپانیاو لایەنە بیانیەکان لە بواری گواستنەوەدا مۆربکات دوای وەرگرتنی ڕەزامەندنی ئەنجومەنی وەزیران.

ماددەی نۆیەم :

هەر دەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ کاری پێناکرێ .

ماددەی دەیەم :

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەکار.

ماددەی یازدەم:

ئـەم یاسـایـە ، لـە ڕۆژی دەرچـوونیـەوە دەخـرێتـە کـارو لـە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)ەوە ، بڵاودەکرێتەوە.

مەسـعود بـارزانی
سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان - عێـراق

لە ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/١٩ی زایینی لە هەولێر دەرچووە
بەرامبەر ٢٧ /ڕەزبەر/٢٧٠٦ ی کوردی

ـ هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە ـ

لەبەر ئەوەی، وەزارەتی گواستنەوە لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتاندا، تـازە دانـراوەو، بـۆ ئەوەش، کە دامودەزگاکانی ئەم وەزارەتـە نوێیـە، بـەپێی ڕەوشـی یاسـای هـەرێمی کوردسـتان، بەرەوچاکتر بگوڕدرێ و، چالاکی توانستی پتر بکرێ و ئەرکوفرمانی خۆی بە ئاسانی پیادە بکاو، ئامانجە دەستنیشانکراوەکانی فەراهـەمکردن و دامەزراندنی تۆڕەکـانی هێڵـی ئاسـندا بێتـەدی و کاروباری ڕێگای ئاسمانی و فڕۆکەخانە مەدەنیەکان ڕێك بخرێن و سیاسەتی گشتیی گواسـتنەوە دابنرێ و لە، جێبەجێکردنیدا، سەرپەرشتی بکرێن و، کەرتەکانی گواستنەوەی ووشکانی (الـبری) ڕێگاکـانی ئاسمـانی ڕێـك بخـرێن و، گواسـتنەوەی سـەفەر کـاران و شمـەك (البـضائع) بەهـەموو جۆرەکانیەوە، لە ناو شارەکانی هەرێم و، لە نێوانِ شارەکانی هەرێم و دەرەوەیـدا، بـەڕێکوپێکی بەڕێوەبچێ و، هـەموو کاروبـاری گواسـتنەوە، بـەم وەزارەتـە تازەیـە بسـپێردرێ، لەبـەر ئـەوەی بەزەروور زانرا، یاسایەك دابنرێ، کە ئەرکوفرمانی ئەم وەزارەتە نوێیـەو بەڕێوەبەرایەتیەکانیـشی دیار بکات، بۆ وەدەستهێنانی هەموو ئەو ئامانجانە، ئەم یاسایە دانرا.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلـەوە
سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

پشـت بـەو یاسـایەی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتان– عـیراق دایناوەو بـەپێی حـوکمی مـادە دە/یەکـەم لـە یاسـای ژمـارە(١)ی سـاڵی ٢٠٠٥، یاسـای سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان– عێراق، ئەم یاسایەمان دەرچـواند:

یاسـای ژمـارە (١٣)ی سـاڵی / ٢٠٠٦
یاسای وەزارەتی بـازرگـانی لـە هەرێمی کوردستان ـ عێـراق

ماددەی یەکەم :
مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، لەم یاسایەدا، ماناکانی بەرامبەریانە:
یەکەم: هەرێم : هەرێمی کوردستان– عێراق.
دووەم: وەزارەت : وەزارەتی بازرگانی.
سێیەم: وەزیر : وەزیری بازرگانی.
چوارەم: بریکاری وەزارەت : بریکاری وەزارەتی بازرگانی.

ماددەی دووەم :
ئامانجی ئەم یاسایە ئەوەیە کـە لەچوارچێوەی چـاکترکردنی سـەرلەبەری(الـشامل) ئابووریـدا، ئیش و کاری ئەم وەزارەتە لە فراژوکاری(التنمیة) و بەهێزکردنی بزاڤی ئـابووری و بازرگانیـدا، بەجۆرێ ڕێك بخـات، کـە بـەکردار لـە سەرچـاوەو وزەو توانـستەکانی بەردەسـت، پـڕ بەپێـست بەرخوردار،(الاستغلال الامثل) بێت. ئەوەشی لەگەڵدا بێ کە بەپێی ڕاو ئاواتی هەرێم پێشنیازی سیاسـەتی ئـابووری و بازرگـانی بـۆ فراژوکـاری و هاوسـەنگ ڕاگـرتنی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی پێشکەش بکات.

ماددەی سێ یەم:
وەزارەت ئەم ئەرکوفرمانانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم: ڕێکخستنی بزاڤی بازرگانیی ناوخۆ و دەرەکی بۆ کەرتەکانی سەربە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دووەم: هانـدانی کـەرتی تایبـەت و کـەرتی تێکـەڵ، بـەجۆرێ کـە بنـەماکانی ڕەنێوهـانین (عناصر الإنتاج) لە نێوان شارەکانی هەرێم ودەرەوەی هەرێمدا، بەئاسانی بێن وبچن.

سێیەم: بەشداری کردن لە ڕێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو دەوڵەت و ڕێکخـراوەو کۆمپانیـا بازرگانییانـەدا کـە خـاوەن مـۆرکی بازرگـانی و ئـابوورین، بەجۆرێ کە بەرژەوەندی گەلی کوردستانی تێدابێت.

ئـــەرشیڤی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.inojkurdistan.com

چوارەم: هاندانی بەکارخستنی سەرمایەی نیشتمانی و، وەکێشکردنی سەرمایەی بیانی، بۆ ئەوەی هاندانی وەبەرهێنان و فراژوکردنی وەبەرهێنان لە کەرتە جۆربەجۆرەکانی هەرێمدا، زامن ببێ و، کەش و هەوای لەباری بۆ فەراهەم بکرێ.

پێنجەم: بەرەوچاکتر گۆڕین(تطویر)و بەهێزکردنی بزاڤی ئابووری و بازرگانیی کەرتی تایبەت، بەجۆرێ، کە بتوانێ رۆڵی خۆی لە وەدی هێنانی ئاواتی فراژوکاریی (التنمیة) ئابووری و بازرگانیدا، بەهاودەنگی لەگەڵ کەرتەکانی ئابووریدا بگێڕێ.

شەشەم: وەزارەت هەوڵ دەدات، چارەسەری باری یاسایی و ئابووریی ئەو کۆمپانیانە بکات کە ئێستا هەن و سەربە وەزارەتەکەن و کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەوە، کە سیاسەتی ئابووری و بازرگانی ناوخۆیان بۆ دابنێ و میکانیزمی جێبەجێکردنی وەهایان بۆ بدۆزێتەوە کە لەگەڵ پێداویستەکانی بەکارخستنی ئەو سیاسەتەدا بگونجێ.

حەوتەم: بەستنی رێکەوتننامەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی پێویست بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ئابووری و بازرگانیی ناوخۆو دەرەکی هەرێم، بەجۆرێ کە سوود بە هەردوو بزاڤی ئابووری و بازرگانی هەرێم بگەیەنێ.

هەشتەم: زامنکردنی هاوبەشبوونی هەرێم لە دانوستان و بەستنی رێکەوتننامە و گرێبەستی ئابووری و بازرگانیی نێودەوڵەتیدا، لە چوارچێوەی دانوستان و رێکەوتننامەو ئەو گرێبەستانەدا، کە دەسەڵاتی فیدرالی بەپێی یاسا بەرکارەکان پیادەی دەکات.

نۆیەم: سازدانی هاودەنگی لەگەڵ هەموو وەزارەتەکانی هەرێمدا بەجۆرێکی ئەوتۆ کە بزاڤی ئابووری و بازرگانیی بەهێز بکات.

دەیەم: ئەرکوفرمانی تۆمارکردن و ریقابەکردنی بزاڤی کۆمپانیاکانی ناوخۆو کۆمپانیای بیانی و لقەکانیان و وەکالەتە بازرگانییەکان دەگرێتە ئەستۆ.

یازدەم: ئاڕاستەکردنی سیاسەتی بازرگانی بەرەو کاراکردنی بزاڤی رەنێوهێنەکی (الانشطة الإنتاجیة) بۆ هاندانی بەدەرەوە فرۆشتن بەجۆرێ کە لەگەڵ بارودۆخی لەباوی ئابووریدا بگونجێ.

دوازدەم: هاندان و فەراهەمکردنی پشتگیری بۆ کەرتی تایبەت، هەروەها هاندانی ئەم کەرتە بۆ کردنەوەو رێکخستنی پێشانگا لە هەرێمداو، خۆسازدان بۆ بەشداریکردن لە پێشانگا نێودەوڵەتییەکاندا.

سیازدەم: موراقەبەکردنی شمەکی هاوردەو، ماددەی خۆراک و، پاراستنی بەکاربەر(المستهلك).

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ماددەی چوارەم :
وەزارەت لەمانە پێك دێت:

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی بالأو ، بەرپرسی ئیش وکارو ئاڕاستەکردنی سیاسەت وسەرپەرشتیکردن و ریقابەکردنی وەزارەتەکەیەو، هەموو بڕیارو فەرمان ورێنماییەکیش پێوەندییان بە ئەرکوفرمان و پێکهاتەو سەلاحییات و کاروباری دیکەی هونەری ودارایی وئیداری ورێکخستنی وەزارەتەکەوە هەیە، بەپێی حوکمەکانی یاسا، لەوەزیرەوە دەردەچێ.وەزیر لەبەردەمی ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرسە، چونکە خۆیشی ئەندامێکی هاوکاری ئەنجومەنەکەیە.

دووەم: بریکاری وەزارەت: لە چوار چێوەی سەلاحییاتدا کە پێی دەسپێردرێ یاریدەی وەزیر دەدات ، لە ئاراستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروباریدا.

سێیەم: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکا، بڕوانامەی زانکۆیی هەبێ، ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ، ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

پێنجەم: راوێژکارەکان: لە چوارکەس زیاتر نابن، مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و، خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بن.

شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئیداری ودارایی.

حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان.

هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی.

ماددەی پێنجەم :

وەزیر، بۆی هەیە، لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەتدا، رێکەوتننامە لەگەڵ کەسانی ئاسایی و مەعنەویی خاوەن ئەزموون و پسپۆڕدا لەدەرەوەو ناوەوەی هەرێمدا ببەستێ بۆ ئەوەی ئیش و کارو ئەرکیان پێ بسپێرێ بۆ ماوەیەك كە خۆی بە گونجاوی بزانێ، ماف و ئیلتیزاماتیشیان، وەزیر خۆی دیاریان دەکا.

ماددەی شەشەم :

یەکەم: ئەرکوفرمان وئیشەتایبەتەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕۆ دیار دەکرێن .

دووەم: وەزیر بۆی هەیە ،رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەر بکات.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە، هەرکام لە بەڕێوەبەرایەتیەکان یان بەشەکان یان هۆبەکان لە پێکهاتەی وەزارەتەکەدا، بەپێی پێداویستی کارەکانیان، بکاتەوە، یان یەکیانبخا، یان ئیلغایان بکات.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

ماددەی حەوتەم:

هەر دەقێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ ، ناخرێتە کار.

ماددەی هەشتەم :

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و، لایەنە پەیوەندیدارە کانیش ، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی نۆیەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتەکار و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

مەسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق

لە رۆژی (٧ /١١/٢٠٠٦)ی زایینی لە هەولێر دەرچووە
بەرامبەر ١٦ /گەلاوێژان/٢٧٠٦ ی کوردی

